## کوەیت: دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ماوەی یەکساڵدا

# هەڵبژاردنەکان لەسایەی مەترسی بەهاری عەرەبیدا



ئا: ڕێبین مەجید

ڕۆژی (2012/12/1) پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کوەیت دەستپێکرد و لە پرۆسەکەدا 422000 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو و بە مەبەستی دەستنیشانکردنی50 نوێنەری پەرلەمانی وڵاتەکەیان بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیان کـرد. لە پرۆسەکەدا ژنان و پیاوان بە شێوەی جیاجیا بەشداری دەنگدانەکەیان کرد و تا سەعات 8ی شـەوی خایاند و دوای کۆتایی هاتنی وادەی دەنگدانەکە پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان دەستی پێکرد.

ئەو هەڵبژاردنەش دووەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوەیت بوو لە ماوەی 10 مانگی رابـــردوودا و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنیش وەک نارەزایی دەربڕینێک بەرامبەر بە هەموارکردنی بەندێکی یاسای هەڵبژاردن پرۆسەکەیان بایکۆت کردوە و رۆژێک بەر لە دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکە خۆپیشاندانێکی فراوانیان لە دژی پرۆسەکە ئەنجامدا .

بـۆ بەدەستهێنانی 50 کورسی ئەنجومەنی ئۆمە 306 کەس خۆیان کاندید کردبوو و لەو رێژەیەش 13 کەسیان ژن بوون و کاندیدەکانیش تەنها لە لایەنگرانی دەسەڵات و شیعەکان پێکهاتبوون.

بە گـوێـرەی دوایین ئەنجامەکانی

هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوەیت شیعەکانی ئەو وڵاتە ڕێژەی یەک لەسەر سێی دەنگەکان واتــا 17 کورسیان بەدەستهێناوە و بۆ یەکەم جار 3 ژنیش چوونە پەرلەمانی ئەو وڵاتــەوە، ئەوەش لە کاتێکدایە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن هەڵبژاردنەکەیان بایکۆتکردبوو و

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەیدا کە دووەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا 422 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو بڕیاربوو 50 نوێنەری پەرلەمانی وڵاتەکەیان دەستنیشان بکەن.

یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی ئەو هەڵبژاردنە کەمی ڕێژەی بەشداریکردن بوو، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن رایانگەیاندوە کەمتر لە ڕێژەی لە 27٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بەشداری پرۆسەکەیان کردوە، بەڵام بە گوێرەی ئامارە رەسمیەکانی حکومەت ڕێــژەی لە 38٪ پۆینت 8ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بەشداری پرۆسەکەیان کردوە.

ئۆپۆزسیۆن پێیان وایە هەموار کردنی بەندێکی یاسای هەڵبژاردن پێشێلکردنی دەستوری ئەو وڵاتەیە و دەتوانێت کاریگەری لە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە بێت، بە گوێرەی هەموارە دەستوریە نوێیەکە هەر دەنگدەرێک تەنها دەتوانێت دەنگ بە کاندیدێک بدات لە کاتێکدا پێشتر دەنگدەر دەنگی بە 4 کاندید دەدا و پێشتر 10 ناوەندی هەڵبژاردن هەبوو بەڵام ئێستا بووە بە 5 ناوەند و هەر ناوەندێک 10 نوێنەر رەوانەی پەرلەمان دەکات.

کوەیت یەکەم میرنشینی کەنداوە کە لە ساڵی 1962وەوە پەرلەمانی پێکهێناوە و خاوەنی 3 ملیۆن و 800 هەزار دانیشتووە کە ڕێژەی لە 69٪ی دانیشتوانەکەی لە هاوڵاتیانی بیانی پێکهاتووە.

لە نێوان یەک ملیۆن و 200 هەزار دانیشتووی خۆجێی ئــەو میرنشینەدا 422000هەزار کەسیان مافی دەنگدانیان هەیە، هێزە ئەمنیەکان و پۆلیس لەو وڵاتە مافی دەنگدانیان نییە و ژنانیش ڕێژەی لە 54٪ دەنگدەرانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن.

هەڵبژاردنەکەی یەکی دیسەمبەریش پێنجەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانییە لە ساڵی 2006وە تا ئێستا لەو وڵاتە ئەنجام دەدرێت.

میرنشینی کوەیت ڕووبــەڕووی دەیان قەیرانی سیاسی جــۆراوجــۆر بووەتەوە و هۆکارە سەرەکیەکەشی بۆ ململانێی دەســەڵات لە نێوان خانەدانی سەباحدا دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە 250 ساڵە حوکمڕانی ئەو وڵاتە دەکەن.

کوەیت ئەندامی وڵاتانی هەناردەکاری نــەوت (ئۆپیک)ە و خاوەنی ڕێــژەی لە 10٪ی یەدەگی نەوتە لە جیهاندا و ڕۆژانە زیاتر لە 3 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت

**سەرچاوە:**
ئاژانسەکانی هەواڵ

میرنشینی کوەیت

| | |
|---|---|
| کوەیت | پایتەخت |
| ئیمارەتی میراتی و دەستوری | سیستمی دەسەڵات |
| سەباح ئەحمەد سەباح | میر |
| نەواف ئەحمەد سەباح | جێنشین |
| جابر موبارەک سەباح | سەرۆک وەزیران |
| ئەنجومەنی ئۆمە | دەسەلاتی جێبەجێکردن |
| 1961 | سەربەخۆیی |
| 3399637 | ژمارەی دانیشتوان |
| 17818 کیلۆمەتری چوارگۆشە | پانتایی |
| عەرەبی | زمانی رەسمی |
| ئیسلام | ئایینی رەسمی |
| دیناری کوەیتی | دراوی یەکگرتوو |
| AST | ناوچەی زەمەنی |
| 00965 | کۆدی تەلەفۆن |
| KW | کۆدی ئینتەرنێت |